# پیرۆز بێت پێکهاتنی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**فازڵ عوسمان/سویسرا**
**ناوەڕاستی شوبات**05

کاروان و کەژاوەی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان نزیک بە سەدەیەک دەبێت وا بە ڕێوەیە ،لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ئەگەر ئامانجەکەی سەربەخۆیی نەبوایە ،بە ڕێنەدەکەوت، خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ،بە کریکار و زەحمەتکێش وهەژار و نەدارەوە،لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانماندا لەم کاروانی سەربەخۆیی یەدا، داینەمۆ و کورەی سەرەکی هەڵگیرسێنەری شۆرش،, هەر خۆمان بووینە ،لە شکستەکانیش هەر خۆمان ماوینەوە بە تەنها، ئێمەیان وەکوو پردێک بە کارهێناوە هەر قۆناغەو بە بەیت و بالۆرەیەک ،وە هەموو بەیت وبالۆرەکان { قازی ،بارزانی،تاڵەبانی}، هەر بۆ یەک مەرام بووە ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خێڵ و بنەماڵە، بۆ هێشتنەوەی کوێخایەتی یەکەی ئەوان و مسکێنی یەکەی ئێمە،لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی بیوچانمان ئەحزابی ناسیۆنالیست تەنها پیشەیان ئەوە بووە کە سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بن و بەس ،مێژوو ئەوەی سەلماند کە ئەمانە خۆیان زوو هەڵاتوون و قەل فرییان کردووەو خەڵکیان بە کوشت داوە،یان هەر وەکوو ئەمرۆ لە موفاوەزاتدا بوونە، ئاخۆ کەی سەدام بڵێ نابێ،یان ئاخۆ کەی یاوەری شۆڤینی بڵێ نابێ، ئەمانیش زوو غاردەنەوە بۆ کوردستان و مەتەڵ مێشەکەی خۆیان دوو بارە برێسنەوەو هەمان تاس هەمان حەمامی تجارەت بە خوێن و کاسە سەری ئێمە دووبارە بکەنەوە، ئێمەش وەک مەڕ بە پێی خۆمان هەموو جار ،بەدڵی سافی کەیلی سەربەخۆیی خۆمان بخەینەوە بەردەستی ئەم مامەلە چیانە، هەشتا ساڵە ئەم موعامەلاتە بەمجۆرەیەو هیچی تر،ئەوان هەرگیز لەگەڵ داگیرکەراندا باسی خواستی سەربەخۆیی ئێمەیان نەکردووە،ئەوان خواستی سەدەیی سەربەخۆیی ئێمەیان فرۆشتۆتەوە..زۆر زۆر بە هەرزان، بە جهەتێکی ڕەسمی ، کە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بوون، هەر قۆناغەو لە مقابیل شتێک کە ئەمرۆ ئەو شتە کوورسی یە ،ئەمرۆ ئەمە ئیتر زۆر چاک بۆ خەڵک مەعلووم بوو[هێشتا کفنی پرسە گورگانەکەیان ووشک نەبۆتەوە با تا هەڵیپەیانە]، وا بە هەناسە برکێ خەریکی سازدانەوەی عێراقن،بەڵام ئەم جارە تۆپەکە لە گۆرەپانی جەماوەری خەڵکی کوردستاندایە،پارتی و یەکێتی لە بەر دەستی ئێمەی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا زەلیل و داماوون ،خۆش بەختانە پرپووتی مۆڵگەی جاش و کۆنە بەعسی و ئاغا موستەشارە تاوانبارەکان نەتیجەیەکی باشیان بۆ ئێمە سەلماند کەخەڵکی کووردستان زۆر ووشیارانە پارتی و یەکێتی یان ترۆ کرد،تۆڵەی ئەو پرسسە گورگانەیان زۆر بە رۆشنی کردەوە[هەرچەندە عەفەوییانەش بوو]،لە ڕۆژی پرسە گورگانەکەدا پیرو لاو، ژن و پیاوبە ئاشکرا بە ئێمەیان دەووت [لە کەمپینەکانمان دژی پرسە گورگانە،گاڵتەجارپییەکان،لە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان]:ئێمەدەنگ بۆ پارتی و یەکێتی نادەین،دەنگ بۆ کوردستان ئەدەین.

ئەم نەتیجەیە پارتی و یەکێتی پرپووت کرد،لە رووی ئیعلامیەوە،وە بۆ ئەو چاوەدێرانەی زۆر بە ووردی لەم نەتیجەیە دەڕوانن،بە لاّم هەر وەک پیشەی فرسەت پەرستانەی هەمیشەییان ،خەریکن بە نیوەڕۆژی ڕووناک مافی خەڵکی کوردستان بخۆن پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان لە شێوان قووتیان بدەن، ئەوان پرسە گورگانەیان کرد ، بەڵام خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ یان نەدا، دەنگیان بۆ کوردستان دا، کەس ئەوانی بە رابەر هەڵنەبژارد، گەرەکیانە بەم فرت و فێڵە،ئەو گوورزە قومارچیانەیە لە خەڵکی کوردستان بوەشێنن،زۆر تەڵەکە بازانە هەر وەک هەمیشە دەستی نیفاقی خۆیان پێش خست ،لە کاتێکدا کەس[ با، تا ]

ی هەڵنەبژاردووە کەچی ئەمان دەیانەوێت بە شێوەیەکی خاتفانەلە ناو گێژاوەی سیناریۆ ڕەشەکەیان مەسەلەی سەرۆک و ڕابەر بپەڕێننەوە بە سەر خەڵکا، بە لاّم ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە خەڵکی کوردستان لە تاریکی دا بە سەدام نەخورا مەحاڵە لەم نیوە ڕۆیە ئیتر بە ئێوە بخوریت.

هەتا زووە وەرنە خوارەوە ،خۆتان زەرەر دەکەن لە سەدامی برا گەورەتان پەند وەرگرن ،قینی جەماوەر ئەستوور تر دەبێت، ئەو مافەی خەڵکی کوردستان لە سەر خۆتان زیاد مەکەن،لە وە زیاتر خۆتان ڕووڕەشتر مەکەن ،دەنگی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی یە ،نەک بۆ پردی [با تا] .

گرێمان ڕۆژی 10[دەی] شوبات بۆ یەکەم جارلە مێژوودا ڕێژەی کورد لە کوردستان مەعلووم بوو،وە خەڵکیش تەنها لە بەر ئەم هۆیە بەشداربوون،بۆیە بێ زەحمەت بە شێوەی ئوسولی ئێستا ئیتر دەبێت مەعلووم بوبێت بۆ جەنابتان کە کورد چەندە و چیی گەرەکە لە کوردستان پێش هەر شتێکی تر.

ئەو ڕاستیانەی سەرەوە سەنەدی بەڵگە نەویستی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە پیرۆز بێت لە دایک بوو، لێرەوە بانگەوازی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بێن و پەیوەست بن بە کۆنگرەوە،بۆ ڕێز لێنان لە هەموو ئەوانەی گیانیان لە پێناو سەربەخۆییدا بەخت کرد، با بە جیاواز ی بیرو بۆچوونەکانمانەوە ڕێز لەجیاوازی حزبایەتی یەکتر بگریین،کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین بە کۆنگرەی هەمووومان،کۆنگرەی قسە کەر و بڕیاردەری چارە نووسی خەڵکی کوردستان بە هێز بکەین، وە لێرەوە بانگەوازی پێشمەرگەو ئەندامان و کادرانی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق دەکەم بێن و لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان بە کۆنگرەوە پەیوەست بن،لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان حزبایەتی نە کەین بە ڕێگر،لانی کەم تا بتوانین بە عەمەلی فشارێک دروست بکەین لە سەر [با تا]،چی دی چارەنووسی خەڵکی کوردستان نەکەن بە قوربانی بەرژەوندی خێڵ و بنەماڵە،مەعلوومە تەنانەت لەڕیزەکانی ئەم حزبانە بە شێوەیەکی ئاشکرا و فراوان وە لە هەموو ئاستەکاندا گەندەڵی بە کوێ گەیشتووە،هەر بە دەلیلی نامەی زمانی خۆیان، با لەو عقلیەتە خۆمان دەرباز بکەین کە حزب بە موقەدەس بزانین،تەنها و تەنها بەرژەوەندی کۆمەلگا و ئینسان موقەدەسن،بانگەوازی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان بە تایبەت دەکەم بۆ ئەوەی بێ گومانم لەو هێزە مەزنەی جەماوەر کە دوێنێ چۆن ئەم حزبانەی هێنابووە سەرچۆک وەرن با لە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەم ناوە لە خۆمان بنێین، ژیان یەکجارە تاکەی سەربەخۆ نە بین، هەروەها بانگەوازی تاک بەتاکی خەلکی عێراق بە بێ هیچ جیاوازیەک دەکەم ببنە هاوپشتی خەڵکی کوردستان ،وەرن و ئەم کۆنگرەیە پێویستی بە هاریکاری دڵسۆزانەی هەموومانە،سبەی ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوو،ئەوەجگە لەوەی سەروەریەکی زۆر مەزنە ،هەروەها بۆ ئێوەش وەک لەمپەرێک دەبێت کە بە واقعی کۆتایی بە لە ناوچوونی بە خۆڕایی و ڕژانی لە هیچەی خوێنی ڕۆڵەکانتان دەهێنێت، ئەو لافاوەش وا بەڕێوە ،ئەو پلانەی کە هیتلەری سەردەم[بۆش] خەریکە بە خوێنی ئێمە دەیخولڨێنی بە دەستی[ با، تا ،یا،عسی]،تەنها و تەنها کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەتوانێت ببێت بە کەشتی نەجات بۆ هەموومان،با هەموو پێکەوە درێشەیەک بین لافاوی ئەم مشتە بگێڕینەوە.با هەموو پێکەوە لە ناو کۆنگرەوە بە یەک دەنگ بە[با،تا، یا، عسی] بڵێین:

زەمان زەمانی گوێ گرتنە،ئەگەر نا درێشەی جەماوەر فێرتان دەکات ،بەڕێز نیلسۆن ماندێلا و هەڤالانی لە کۆنگرەی میللی باشووری ئەفریقیا نموونەیەکی بەرجاون ،بە شانازییەوە ،کە جۆن رژێمی ئەپارتایدی نەژادیان هەر بە دانس و جەقەنە وەدەرنا و سەربەخۆییان سەپاند.تاکوو ئێستا بەڕێز نیلسۆن ماندێلا جارێک دیاری و دەعوەتی ڕژێمی فاشیستی تورکیا، جارێکیش هی ڕژێمی ئاخوندی جمهوری تیرۆریستانی ئێرانی ڕەت کردۆتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی هەردوو ڕژێم داگیر کەری کوردستانن،کەچی [با ،تا]،تەنسیقی سیاسی و عەسکەری وئیستیخباراتی هاوبەشیان ،وەبە تەوزیع ئەدوارێکی ئێجگار خەتەرناک و حەسساس و پڕ گومان لە گەڵ ئەم داگێرکەرانەهەیەو بەڕێوەی دەبەن،هەمیشە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان وەک بەعبووعێکە هەموویان لە سەری بە نهێنی ڕێککەوتوون و وەکوو یەک وەحدەی ئەمنی قەومی ،جێ بەجێ کەری ئەوامر،وەکوو هەر جەنەڕالێکی تورکی یان ئێرانی لە خزمەتدان،لە ڕووی ئیعلامیشەوە تەنها بۆ

چەواشە کردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە ئاوازێکی مەکشووف جارجارە هەڕەشەیەک ئەڕینگێننەوە،کۆنگرە پێکهاتوە بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیانەی ژێر بەڕە بخاتە سەر بەڕە،وە هەر جوینەوەیەکی قسەکانی داگیرکەرانی کوردستان بخاتە چوارچێوەی تاوانێک بە دەرەجەی جینۆساید،کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تەحریم کراوە،بۆ هەر ئینسانێکی کوردستانی عێراق مەسەلەی سەربەخۆیی دەبێت لە پێشی پێشەوەی هەموو ئەولەوییاتەکانەوە بێت  بە هەموو هێزو تواناوە لە بەرامبەر تاوانی جینۆسایددا خەبات دەست پێ بکەین ،خەباتی هەمە لایەنەی سیاسی و تەبلیغاتی بۆ ڕێکخستن و خرۆشان و هێنانە مەیدانی جەماوەر بە ڕووحی سەردەم و فەرز کردنی شەففافییەت بە سەر حزبەدەسەڵات دارەکان،قەبووڵ نەکردنی فرە ڕوویی بە هیچ کلووجێک لێیان،وە بە تاوان حسابکردنی ، وە من لێرەوە بانگەوازی هەموو خەڵکی کوردستان و هاوڕێیانم دۆستان و کەس و کارو خزمان وهاوشاران و برادەران وهاوگەڕەکەکانم دەکەم بێنە مەیدان ،هەموو پێکەوە گیانمان بەخت کەین لە پێناو سەربەخۆیی.

بژی کوردستانێکی سەربەخۆ

پیرۆز بێت کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان